# کچانی کوردستان دەیانەوێ کۆنترۆڵی هەڵبژاردەی عێراق بکەن

**لە ئێستادا هەڵبژاردەی کچانی تۆپی پێی عێراقی لە شارەکانی کوردستان ئامادەکاری دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی یاریزانان بۆ ریزی هەڵبژاردەی عێراق، کچانی کوردستانیش ئێستا هەلێکی باشیان بۆ رەخساوە بۆ ئەوەی زۆرترین رێژەی لە پێکهاتەی هەڵبژاردەکە کۆنترۆڵ بکەن و خۆیان ماندوو دەکەن بۆ بوونیان بە یاریزانی سەرەکی لە هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراقی، پێشتر زۆر بە کەمی یاریزانانی کورد توانیویانە ببنە یاریزانی سەرەکی و جێگەی متمانەی راهێنەرانی هەڵبژاردەکە بۆ پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە، بەڵام لە ئێستادا کچانی کوردستان دەیانەوێ بە هەر شێوەیەك بێت کۆنترۆڵی هەڵبژاردەی نیشتمانی عێراق بکەن بۆ ئەوەی لە پاڵ یاریزانانی شارەکانی دیکەی عێراق جێگەی دەستیان دیار بێت لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە، لەم بارەشەوە لە یەکەیەکی مەشقی هەڵبژاردەی کچانی تۆپی پێی عێراق ئەم راپۆرتەمان ئەنجامدا.**

عەلی حەسەن راهێنەری یەکەمی هەڵبژاردەی کچانی عێراق بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ماوەی چەند رۆژێکە دەستم بە کۆکردنەوەی یاریزانان کردووە بۆ ریزی هەڵبژاردەی عێراقی بۆ ئەوەی لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی عێراق تیپێك ئامادە بکەم، زۆر خۆشحاڵیشم کە لە شاری هەولێر کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانامان دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی درێسی هەڵبژاردەی عێراقی بپۆشن، جگە لە شاری هەولێریش دەچینە شارەکانی دهۆك و سلێمانیش بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ کچانی شارەکانی تر پێکهاتەیەکی زۆر بەهێز بۆ خۆمان دەستنیشان بکەین»، گوتیشی: «کچانی کوردستان خاوەن ئاستێکی بەرزن لە یاری تۆپی پێ، بۆیە دەمانەوێ لە هەموو عێراق پێکهاتەیەکی بەهێز لە کچانی کوردستان دەستنیشان بکەین و شان بە شانی یەکتری بتوانین هەڵبژاردەیەکی بەهێز دروست بکەین».

کەوسەر کاکە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەمانەوێ ناوی کچانی کوردستان لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق بەرز بکەینەوە کە ساڵانی پێشووتر کچانی کورد ئەو دەرەفتەیان پێنەدراوە کە بتوانن ئەنجامی شایستە لەگەڵ کچانی عێراق تۆماربکەن، بۆیە دەستنیشانکردنی یاریزانانی کوردیش لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقی دەبێتە پاڵپشتییەکی باش بۆ کچانی عێراقیش، چونکە لە ئێستادا ئاستی کچانی کوردستان زۆر بەرزە لە یارییەکانی تۆپی پێ، بەڵگەی قسەکانیشم ئەوەیە کە لەسەر ئاستی عێراق کچانی کوردستان پاڵەوانی تۆپی فوتساڵی عێراقن، سوپاسی دەستەی راهێنەرانیش دەکەین کە ئەوان متمانەی باشیان بە ئێمە هەیە، ئێمەش دەمانەوێ لە ئاست ئەو متمانەی ئەوان بین و ناوی کوردستان و عێراق بەرز بکەینەوە».





تریسك یونس کارگێری هەڵبژاردەی کچانی عێراق لەبارەی ئامادەکارییەکان گوتی: «ئێمە دەمانەوێ کچانی کوردستان ببنە یاریزانانی سەرەکیی هەڵبژاردەکە و ئەوەی لە توانامان بێت بۆ پێشخستنی توانای کچانی کوردستان لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق ئەنجامی دەدەین، کچانی کوردستانیش هیچیان لە کچانی عێراق کەمتر نییە و متمانەی دەستەی راهێنەرانیش بە کچانی کوردستان زۆر زیاترە لە کچانی شارەکانی دیکەی عێراق، چونکە ئاستی تۆپی پێی کچانی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر بەرز بۆتەوە، دڵنیاشم کچانی کوردستان دەتوانن زۆر لەو ئاستە زیاتر پێشکەش بکەن، بوونی منیش زۆر باشتر دەبێت بۆ کچانی خۆمان، کەمپێکی مەشقیش دەکەینەوە بۆ یاریزانان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان».

خەلات ئەسعەد کچە یاریزانی کورد و گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە شانازییەکی زۆرەوە توانیم درێسی هەڵبژاردەی عێراقی بەدەستبهێنم و دڵنیاشم پشت بەستن بە کچانی کوردستان ئاستی هەڵبژاردەی تۆپی پێی کچانی عێراقی زیاتر بەرز دەبێتەوە، لە ئێستاشدا بەرپرسانی تۆپی پێی عێراقی باش دەزانن کە کچانی کوردستان ئاستیان زۆر بەرز بۆتەوە، ئێمەش وەکو کچانی کوردستان ئەو پەڕی توانای خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی ئاستی هەڵبژاردەی عێراقیش بەرز بکەینەوە و شان بە شانی کچانی شارەکانی تر ناوی کوردستان لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە، دەستەی راهێنەرانیش ئاستی ئێمەیان بەدڵە، ئێمەش ماوەیەك بەر لە ئێستا لە شاری بەغدا پاڵەوانی عێراق بووین، ئەوەش متمانەیەکی زۆری بەخشییە دەستەی راهێنەران کە بزانن کچانی کوردستان خاوەن بەهرەیەکی زۆرن و دەتوانن ئەنجامی گەورە بۆ وەرزشی عێراق بەدەستبهێنن».

مەزن محەمەد یاریدەدەری راهێنەری هەڵبژاردەی عێراقی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی عێراقی لە شاری بەغدا پەیوەندیم پێوە کرا و وەکو یاریدەدەری راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق دەستنیشان کرام، بەوەش ئەرکی من قورستر دەبێت وەکو کوردێك کە بتوانم ئاستی هەڵبژاردەی عێراقی بەرز بکەمەوە، لەلایەن دەستەی تۆپی پێی کچانی عێراقی ئەوەم پێگوتراوە کەوا تیپێکی بەهێز دروست بکەین منیش وەکو دەستەی راهێنەر کار بۆ ئەوە دەکەم زۆرترین کچە یاریزانانی کورد لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق وەربگیرێ، چونکە ئاستی کچانی کوردستان رۆژ بە رۆژ لە بەرز بوونەوەدایە، بۆیە بە مافی ئەوان دەزانم زۆرترین کچە یاریزانی کورد درێسی ئەو هەڵبژاردەیە بپۆشن، ئەو هەڵبژاردەیەش زۆر جیاوازە لەگەڵ هەڵبژاردەکانی دیکە، چونکە لەمە بە دواوە ئەو هەڵبژاردەیە بەردەوام دەبێت و بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی عێراق دەکات، هەموو هەوڵێکی خۆمان دەدەین، بۆ ئەوەی کچە بەتواناکانی کوردستان لەم هەڵبژاردەیە کۆ بکەینەوە».



ڕاپۆرتی: کارزان کانەبی

# ناخۆشترین وەرزی لیۆنێل میسی

ئەستێرەی ئەرژەنتینی لیۆنێل میسی هێرشبەری یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی، دانی بەوەدا نا کە وەرزی رابردوو ٢٠١٣-٢٠١٤ ناخۆشترین وەرزی ئەو بووە لەو کاتەی لە یانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا یاری دەکات. میسی لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ماڵپەڕی فەرمی یانەکەی سەبارەت بە ناخۆشترین وەرزی یارییەکانی گوتی: لە وەرزی رابردوو بۆ ماوەیەك بەهۆی پێکانەوە نەمتوانی یاری بکەم، کاتێك گەڕامەوە خۆم نەدۆزییەوە، دەمەوێ ئەم وەرزە لەبیر بکەم، بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە ئاستی راستەقینەی خۆم لە رێگەی مەشقی بەردەوام و کارکردن، ئێستاش واهەست دەکەم زۆر باشترم .

میسی ئەوەشی رایگەیاند کە وەرزی رابردوو لەگەڵ هەموو کێشەکانی، بەڵام لایەنی پۆزەتیڤانەشی هەبووە، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «ژیان و هەموو بوارەکانی رووداوی ناخۆشی تێدایە، وەرزشیش بەشێکە لە ژیان، مرۆڤ پێویستە زیاتر فێر بێت و خۆی بەرەو پێش ببات و خاڵە لاوازەکانی چارەسەر بکات، بۆیە من زۆر سوودم لە کێشەکانی ساڵی رابردووم وەرگرت، هەرچەندە بۆ من وەرزێکی ناخۆش بوو».



میسی دەربارەی هاوڕێکانی لە هێلی هێرشبەری بەرشلۆنە گوتی: نیمار و سوارێز پاڵپشتێکی بەهێزن بۆ یانەی بەرشلۆنە، چونکە هەردووکیان دوو ئەستێرەی دەرەوشاوەی جیهانین و دوو گۆڵکەری بەتوانان.

سەبارەت بە گرنگترین گۆڵەکانی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنەش، میسی رایگەیاند یەکەم هاتریکی لە بەرامبەر ریال مەدرید لەساڵی ٢٠٠٧ زۆر گرنگ بوون و لەمبارەیەوە گوتی: یەکەم هاتریك بوو بۆ من، بەلای منەوە زۆر گرنگ بوو، چونکە بەم سێ گۆڵە خاڵێکمان لە یانەی ریال وەرگرت و ئەوکات بەم خاڵە بە پێش یانەی ریال کەوتین، راستە لە کۆتایی وەرزدا نازناوەکەمان دۆڕاند، بەڵام سێ گۆڵەکە لە کاتی تۆمارکردنی زۆر گرنگ بوو، بەتایبەتی کە بەرامبەر ریال مەدرید بوو، لە دوای یارییەکە رائول گۆنزالیس لێم نزیك بۆوە و پیرۆزبایی لێکردم بە چەند وشەیەکی جوان، ئەو وشانەی رائول بۆمن زۆر گرنگ بوون و بە هیچ شێوەیەك لەبیری ناکەم .

میسی لە کۆتاییدا رایگەیاند لەدایکبوونی کوڕەکەی تیاگۆ ژیانی بەتەواوی گۆڕیوە و گوتی: پێشتر کە یارییەکم دەدۆڕاند، یان لە یارییەکدا سەرکەوتوو نەدەبووم ٣ تا ٤ رۆژ قسەم نەدکرد، بەڵام ئێستا کە دەگەڕێمە ماڵەوە و تیاگۆ دەبینم، هەموو شتێك لەبیر دەکەم .

# تیروپشکی قۆناغی دووەمی پاڵاوتنی مۆندیالی ٢٠١٨ راکێشرا




لە بارەگای یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا لە شاری (کوالالامپور)ی پایتەختی مالیزیا تیروپشکی قۆناغی دووەمی پاڵاوتنی مۆندیالی ٢٠١٨ راکێشرا کە یارییەکانی لە وڵاتی رووسیا ئەنجام دەدرێت کە لە هەمان کاتدا پاڵاوتنی جامی نەتەوەکانی ئاسیای ٢٠١٩یە کە یارییەکانی لە وڵاتی ئیمارات ئەنجام دەدرێت، لەم پاڵاوتنە ٤٠ هەڵبژاردە بەشدارن و بەپێی ریزبەندی فیفا بەسەر پێنج ئاست پۆلین کران و دواتر بەسەر ٨ گرووپ دابەش کران کە لەهەر گرووپێکدا پێنج هەڵبژاردە یاری دەکەن.

سەبارەت بە پاڵاوتنی مۆندیالی ٢٠١٨ لە هەر گرووپێك تەنها یەکەمەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ سەردەکەون بۆ قۆناغی کۆتایی لەگەڵ باشترین چوار هەڵبژاردەی کە لە پلەی دووەم دێن، ئەم ١٢ هەڵبژاردەیەش دەگەنە کۆتاییەکانی جامی نەتەوەکانی ئاسیا، ئینجا پاڵاوتن بۆ ١٢ کورسییەکەی دیکە ئەنجام دەدرێت .

ئەنجامی تیروپشکەکە بەم شێوەیە بوو :

گرووپی یەکەم: ئیمارات – سعودیە – فەلەستین – تەیمور لیست – مالیزیا

گرووپی دووەم: ئوستورالیا – ئوردن – تاجیکستان – قیرغستان – بەنگلادیش

گرووپی سێیەم: چین – قەتەر – مالدیف – بۆتان – هۆنك کۆنگ

گرووپی چوارەم: ئێران – عومان – هیندستان – تورکمانستان – گوام

گرووپی پێنجەم: ژاپۆن – سووریا – ئەفغانستان – سەنگافورە – کەمبۆدیا

گرووپی شەشەم: عیراق – ڤێتنام – تایلاند – ئەندۆنیسیا – تایوان

گرووپی حەوتەم: کۆریای باشوور – کوێت – لوبنان – میانمار – لاوس

گرووپی هەشتەم: ئۆزبەکستان – بەحرێن – فیلیپین – کۆریای باکوور – یەمەن

یارییەکانی ئەم قۆناغە لە رۆژی ٢٠١٥/٦/١١ دەست پێدەکات و لە رۆژی ٢٠١٦/٣/٢٩ کۆتایی دێت.



## باسکوال لەگەڵ ڤیۆرەنتینا دەمێنێتەوە




یانەی ڤیۆرەنتینای ئیتاڵی رایگەیاند گرێبەستی کاپتنی تیپەکەی مانویل باسکوالی درێژکردۆتەوە تا حوزەیرانی ٢٠١٦. ئەو راگەیاندنەی یانەی ڤیۆرەنتینا لەکاتێکدایە گرێبەستی ئەو یاریزانە لەکۆتایی وەرزی ئەمساڵ تەواودەبوو، بەڵام یانەی ڤیۆرەنتینا بریاری داوە دەستبەرداری تواناکانی ئەو یاریزانە نەبێت، بەڵکو بۆ وەرزی داهاتووش سوود لە تواناکانی وەربگرێت. ئەمەو بەپێی چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی پەیوەندی باسکوالیان بە یانەی میلان دووپات کردبۆوە، بەڵام ئەو یاریزانە لە کۆتاییدا بڕیاری دا لە ریزی یانەکەی ڤیۆرەنتینا بمێنێتەوە. پێویستە بوترێت باسکوال لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە پەیوەندی بەیانەی ڤیۆرەنتینا کردووە و تا ئێستا ١٠ گۆڵی لە کۆی ٣٣٠ یاریدا تۆمارکردووە.

# کۆڤان حەسەن خۆی بۆ دوو پاڵەوانێتی جیهانی ئامادە دەکات



کۆڤان حەسەن کوڕە پاڵەوانی کوردی ریزی هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق بۆ یاریزانانی خاوەن پێداویستی تایبەت و خاوەنی ریکۆردی جیهانی لە یارییەکانی هاویشـــتنی رم و قورسایی، لە دوو پاڵەوانێتیی جیهانی لەســـەر ئاستی وڵاتان بەشداری دەکات کە بڕیارە لە هەردوو مانگی ٦و ١١ی داهاتوو لە وڵاتی فەڕەنسا و قەتەر بەڕێوەبچێت، بۆ ئەم مەبەســـتەش شاندێکی هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی عێراقی بەشـــداری دەکـــەن لە یارییەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کۆڤان حەسەن سورچی تاکە یاریزانی کوردی ریزی هەڵبژاردەکە دەبێت کە بەشدار دەبێت لە یارییەکاندا، ئەو یاریزانە خـــاوەن چەندین ریکـــۆردی جیهانییە و وەکو کوڕە کوردێك بەشـــدار دەبێت لـــە ژێر ناوی عێراق، لە ئێستاشـــدا لە ئامادەکاریدایە بۆ ئەوەی بەشداری هەر دوو پاڵەوانێتییەکە بکات و بڕیاریشە ئەمڕۆ دووشەممە بۆ ئەنجامدانی کەمپێکی مەشقی لە وڵاتی تورکیـــا یاوەری هەڵبژاردەکەی بکات. لەم بارەشـــەوە کۆڤان حەســـەن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکی باشـــە ســـەرقاڵی ئامادەکاریم بـــۆ ئەوەی بتوانم بە شـــێوەیەکی تۆکمە خۆم ئامـــادە بکەم بۆ هـــەر دوو پاڵەوانێتییەکە، ئەمڕۆش بەرەو وڵاتی تورکیا بەڕێ دەکەوم بۆ ئامادەکاری زیاتر شـــان بە شانی یاریزانانی هەڵبژاردەکەمان، بۆیە ئومێدم هەیە لەم پاڵەوانێتییەشدا چەندین ژمـــارەی پێوانەیی تۆماربکەم بە ناوی خۆمەوە، من لە ئێســـتادا من هیچ گرفتێکم نییە و رۆژانە خەریکی ئەنجامدانی مەشقەکانم و ئومێدی زۆریشم بەخۆم هەیە کە دەتوانم سەری خۆم و کوردستان و عێراق بەرز بکەمەوە و ژمارەیەکی تری مەدالیای جۆراوجۆر بەدەســـت بهێنم، رۆژانەش راهێنەرەکەم بە شـــێوەیەکی چڕ مەشـــقەکانم لەگەڵ ئەنجام دەدات، هیواداریشم دەزگاکانی راگەیاندن وەکو یاریزانێکی کورد پشتگیریم بکەن.

# شێروانەی گەرمیان کۆڵ نادات و بەردەوام دەبێت

هەرچەندە یانەی شـــێروانە لە قۆناغـــی دووەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئاستێکی باشی پێشکەش نەکردووە لە یارییەکانی خولەکەدا و چەند یارییەکە ئاستی خۆی لە دەستداوە، بەڵام لەسەر دەستی ئوســـامە نوری راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەکە نایەوێ کۆڵ بدات، بۆیە کارگێڕانی یانەکەی گەرمیان، هێشـــتا ئومێدیان ماوە بۆ دەستەبەرکردنی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی داهاتوودا، یانەکەش لە پلەی هەشتەمی ریزبەندی یانەکان و خاوەنی ٢٢خاڵە و ئومێدی ماوە بۆ یارییەکانی داهاتوو، لەم بارەشـــەوە کۆمار خودادە ســـکرتێری یانەی وەرزشی شـــێروانە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «چەند یارییەکە ئێمە ئاســـتمان وەکو پێویست نەبووە، ئەمساڵیش خاوەنی نۆ شکســـتین لە کۆی ئەنجامدانـــی یارییەکان، بەڵام لە خولەکە تاکو ئێســـتا بەگشتی ئەنجامەکانمان باشە و هیچ کێشە و گرفتێکمـــان نییە لە هاندەرانی یانەکەمان رۆژ بە رۆژ زیاتر هانی یانەکەیان دەدەن، ئێمەش دەمانەوێ لە ئاست ئەو بەرپرسیارێتییە بین بۆ دەســـتبەرکردنی ئەنجامی شایستە، هەر چەندە ئێمە راهێنەری تیپەکەمـــان گۆڕیوە لە قۆناغی یەکەم، بەڵام ئێســـتاش ئومێدی زۆرمـــان بە یاریزانانی تیپەکە و دەســـتەی راهێنەران یانەکە هەیە کە دەتوانین لە یارییەکانی داهاتوودا ئەنجامی شایســـتە بۆ یانەی شێروانە بەدەستبهێنین»، لە بارەی خولی عێراقیش گوتی: «ئێمە بەرنامەی خۆمان هەیە بۆ ســـەرجەم خولـــەکان، بۆیە لە داهاتوودا بڕیار لەسەر چارەنووسی خولی عێراقیش دەدەین و بەرنامەی خۆمان دەبێت بۆ بەشـــداریکردن، ئەگەر هاوکاریی باشمان هەبێت، دەتوانین ئەنجامی باشتریش بەدەست بهێنین و سوپاسی هەموو لایەك دەکەین و ئومێدی زۆریشـــمان بەخۆمان هەیە لەم قۆناغەو لە یارییەکانی تر ئاستمان زۆر بەرز دەبێتەوە، خولی کوردستانیش ئەمساڵ جیا لە ساڵان یانەکانی بەشدار بەهێزیی زۆریان بەخۆیەوە بینیوە، سەرەڕای ئەوەش قەیرانی دارایی هەیە، بەرنامەڕێژی باشمان کردوە بۆ ئەوەی ئەم وەرزە بە سەرکەوتوویی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ببڕین و پلانی باشـــتریش بـــۆ داهاتوو دابنێین بە هیممەتی دڵســـۆزانی شارەکەمان، پێویســـتە هەموو لایەك هاوکاری یانەکەی گەرمیان بکات بۆ ئەوەی ئەنجامی گەورەتر بەدەست بهێنین».

# هەولێر بووە پاڵەوانی جۆدۆی شارەکانی کوردستان



بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییەکانی جۆدۆ لەسەر ئاستی کوردستان و خزمەتی زیاتر بەم یارییە لە شارەکانی کوردستان و لە ژێر دروشـــمی (سەربەرزی بۆ پێشمەرگە) لە شاری سلێمانی لە هۆڵی یانەی ئاشتی بە سەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندیی جۆدۆی هەرێمی کوردســـتان و بە هاوکاریی لقی ســـلێمانی یەکێتیەکە، پاڵەوانێتیی جۆدۆی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، لـــەم پاڵەوانێتییـــەدا کە هەریـــەك لـــە هەڵبژاردەکانی (هەولێر، دهۆك، کەرکووك، ســـلێمانی) بەشدارییان تێدا کردبوو لە هەردوو ئاســـتی پێشکەوتووان و لاوان لە ئاســـتەکانی تەمەن، یاریزانانی بەشـــداربوو کێبڕکێیان لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە پاڵەوانێتییەکە کرد و لە ئەنجامی کۆتاییشدا کوڕانی هەڵبژاردەی هەولێر باڵادەستیی خۆیان لە پاڵەوانێتییەکە نیشان دا، هەرچەندە یاریزانانی هەڵبژاردەکانیش هەوڵـــی زۆریان دا بۆ ئەوەی بتوانن نازناوەکە بەدەست بهێنن. ئەنجامی کۆتاییش بەمجۆرە بوو:

ئاستی پێشکەوتووان

١-هەڵبژاردەی هەولێر

٢-هەڵبژاردەی کەرکوک

ئاستی لاوان

١-هەڵبژاردەی هەولێر

٢-هەڵبژاردەی کەرکوک

